# فڕۆکەوانێکی کورد گومانی کیمیا بارانی هەڵەبجەی لێدەکرێت



یەکشەممە 28.10.2012

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئێراق، هێزی ئاسمانی و فەرماندەیی فرۆکەوانی سوپا کە (هەلیکۆپتەری شەڕکەر و سمتی) دەگرێتەوە، ڕۆڵی نێگەتیڤانەی بەرچاویان هەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی کورد، کیمیا باران کردنی کوردستان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا.

لای کەسمان شاراوە نییە کە سەدان و هەزاران هاووڵاتی و پێشمەرگە لە ئەنجامی بۆردومانی فرۆکە شەڕکەرەکان و سمتییەکانی ڕژێمی ئێراق شەهید بووینە. سەدان گوند و هەزاران خانووی هاووڵاتیان بە بۆردومانی فرۆکە بە گشت جۆرەکانیەوە خاپور کراون. بە سەدان گوندو شاری کوردستان بەهۆی سمتی و فڕۆکەکانی ڕژێمەوە کیمیا باران کراون بۆ نموونە بالیسان، شێخ وەسانان، هەڵەبجە، گەلی بازێ، چیمەنی کەرکوک، گۆپتەپە، عەسکەر و گوندی زەردەی کرماشان و شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەکاتی ئەنفالەکان (23.2.1988-6.9.1988)، فڕۆکە شەڕکەرەکانی هێزی ئاسمانی و کۆپتەرە شەڕکەرەکان (سمتی)یەکانی سەر بە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران الجیش)، بە بەردەوامی هەم دانیشتوانی دێهاتەکان و هەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان-یان بۆردومان کردووەو زیانی زۆریان پێگەیاندوون. بۆیە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، کورد دەبوایە هەردەم لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێراق و سوپا دڕندەکەی بوونایە لەگەڵ دادگاییکردنی تەواوی سەرانی حزبی بەعس، حکومەت و سوپای ئێراق، نەک بە پەلە، بەچاوی بەخەوەوە و بە پێخواسی ڕاکەن بۆ بەغدا و کورتبینانە هەم دەوڵەتی ئێراق و هەم سوپا دڕندەکەی عروبە دووبارە بۆ گیانی کورد و کوردستان دروست بکەنەوە!

یەکێک لەو فڕۆەوانانەی کە گومانی بەشداری کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەی لێدەکرێت، لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی-یە، کە لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987-1988)دا فەرماندەی بنکەکانی ئاسمانی باشووری ئێراق (بنکەکانی ئیمام عەلی لە ناسریە و بنکەی شوعەیبیە لە بەسرا) بووە. لیوا کەمال عەبدولستار بەرزنجی کوردەو خەڵکی شاری سلێمانییە. ئەو لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران، لە ڕۆژی (17.9.1980)دا لە نزیک شاری خانەقین فڕۆکەیەکی ئێرانی خستە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەی (حوسێن عەلی ڕەزا لەشکری) دوای خۆ فڕێدانە خوارەوەی لەلایەن سوپای بەعس بەدیل گیرا. سەدام حوسێن، بەهۆی ئەو چالاکییە پلەی فرۆکەران کەمال عەبدولستاری لە ڕائید بە دوو پلە بۆ عەقید بەرزکردەو خەڵاتیشی کرد.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، فەرماندەی بنکەکانی ئیمام عەلی و شوعەیبیە لە ڕۆژی (28.6.1988)دا لەگەڵ (30) فڕۆکەوانی دیکەدا لەلایەن سەدام حوسێنی دیکتاتۆری ئێراق خەڵاتکران. خەڵاتکردنی بەشێکیان بەهۆی بەشداریکردنی ئەو فڕۆکەوانانە بوو لە کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجەو ئەوانەی دیکەش بەهۆی بەشدارییان لە شەڕی ئێراق – ئێران. دەستەی پارێزەرانی داواکاری مافی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی (2.2.2009)دا داوای لە سەرۆک و ئەندامانی دادگای تاوانکاری دووەم کردووە، بەهۆی گومانی بەشداریکردن لە تاوانی کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ لیوا ڕوکن کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی و (27) فڕۆکەوانی دیکە دەرکەن. ئەو داواکارییەی دەستەی پارێزەران بۆ دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لە لیوای فڕۆکەوان کەمال بەرزنجی، نەک بەتەنیا گومانی بەشداریکردنی ناوبراو لە کیمیا بارانی هەڵەبجە لای ئەوان دروست دەکات، بەڵکو لای ژمارەیەکی زۆر لە تاکی کوردی هەمان گومان دروست دەکات.

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی بە پلەی فەریق ڕوکن و بەدەستنیشان کردنیەوە لەلایەن (ی. ن. ک) کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق، کە هێزی ئاسمانی نوێ لە ڕۆژی (1.6.2005)دا بە بڕیارێکی حکومەتی ئێراق لەسەر دەستی ئەو و چەند فڕۆکەوانێکی دیکە دامەزرایەوە. فەریقی فڕۆکەوان کەمال بەرزنجی، تاوەکو کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2008)دا لەو پۆستەدا مایەوە، دوای ئەویش

لیوای فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی ئەویش هەر بە پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا ئێستاکەش هەمان پۆستی هەیە. فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین کە ئێستا پلەکەی فەریق ڕوکنە، لە کاتی ئەنفالەکاندا بە پلەی ڕائید لەگەڵ سربی (4)دا بەشداری ئەنفالی کردووە، دواتریش فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق-ەوە بۆ دەرچووەو ژمارە (21)ی لە ڕیزبەندی ناوی (423) داواکراوەکە دراوەتێ.

فڕۆکەوانێکی دیکەی هێزی ئاسمانی ئێراق کە بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە، موقەدەمی فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالیکی (شیعە)یە، کە فەرماندەی سربی (55)ی هێزی ئاسمانی ڕژێمی سەدام بووە. موقەدەم حامد عەتیە خوین، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە لە کەرتی فەیلەقی دوو، کە دواتر لەلایەن سەدام-ەوە مەدالیایەکی ئازایەتی (نوط الشجاعة)ی وەکو پاداشت لە بەشداری کردنی ئەو شاڵاوەی ئەنفالی کورد وەرگرتووە. حامد عتیە خوین، کە ئێستاکە سەر بە حزبەکەی مالیکییە و وەکو ئەویش بە بنەماڵە مالیکی و بە ئاییبنزا شیعە، لەدوای دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران الجیش) لە ڕێکەوتی (6.1.2010)دا بە پلەی فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان بە بڕیارێکی دکتۆر نوری کامل محەمەد حەسەن مالیکی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، بە فەرماندەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا دامەزراوەو تا ئێستاکەش بەردەوامە.

هەر لەگەڵ دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، نوری مالیکی (50) فڕۆکەی سمتی و کۆپتەری شەڕکەری لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراق لە فەریقی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین کە کوردە وەرگرتەوەو خستنیە بەردەستی فەریق حامد عەتیە خوینی نزیکی خۆی. دەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی بەپەلە دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، لاوازکردنی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو کە بەدەست کوردەوەیە.

فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، بۆ جاری یەکەم لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران لە ساڵی (1981)دا دامەزرا، بەڵام دواتر لە سەرەتای ساڵی (2010)دا دووبارە دامەزرایەوە. ئەگەر فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق کورد نەبوایە، پێم وایە نە مالیکی و نە عارەب بیریان لەوە نەدەکردەوە کە فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران الجیش) بۆ جاری دووەم دروست بکەنەوە و لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی جیای بکەنەوە. پێم وایە دوای گەیشتنی (36) فڕۆکەی (ئێف. 16) کە ئێراق لە ئەمریکای کڕیوە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی فڕۆکەی شەڕکەر کە لە ڕوسیا و چیکی کڕیوە، یەکەم هەنگاوی نوری مالیکی لادانی فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمینی کوردە لە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و گرتنەدەستی ئەو پۆستەیە لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆی و گۆڕینەوەی بە فڕۆکەوانێکی عارەبە، چونکە نە مالیکی و نە عارەب هەرگیز نایانەوێت بەشێکی بەهێزی سوپای ئێراق بکەوێتە دەست کورد. ئەوەی ڕاپۆرتەکەی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق فەریقی یەکەم بابەکر بەدرخان زێباری بۆ سەرۆک کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی ناردووە، بۆی دەردەکەوێت کە مالیکی بە قۆناغ پەڕو باڵی فەرماندە و ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای ئێراقی کردووەو تەواوی دەسەڵاتەکانی لێ سەندونەتەوە.



فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق (1.6.2005–ئۆکتۆبەری 2008). پێشتریش فەرماندەی بنکەکانی ئیمام عەلی و شوعەیبیەی ئاسمانی ڕژێمی سەدام لە ساڵانی ئەنفال (1987–1988).



فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالیکی، فەرماندەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (6.1.2010–28.10.2012).